# شیکردنەوەی پرۆسەی داهێنان

و: عەبدولوتەلیب عەبدوڵڵا

## (بەشی یەکەم)

داهێنان لەهونەرو زانستەکاندا لەخەسڵەتەگەلی دیاریکراودا هاوبەشن, خاڵی یەکانگیری نێوان هونەرو زانستو تەکنەلۆژیاو شیعر خۆی لە پرینسیپەکانی ئیستاتیکیو عەقڵیو هتد هەڵدەگرێتەوە, بۆ نموونە پەیوەندی نێوان مۆسیقاو بیرکاری, شیعرو ئەندازە, ئەوەش دووچاری سەرسورمانمان ناکات, چونکە سەرچاوەی زانست و هونەرو مرۆڤ لەکۆمەڵێك لایەنی مەعریفیو لایەنی ویژدانیو هەڵچوونو لایەنی دەروونی دینامی پێکهاتووە,بۆ نموونە کۆمەڵێك دەستەواژەی وەك: توانا, بەهرە, بەها ,دامرکانەوە, وێناکردن, ئاگایی, نائاگایی, خەرف بوون, ئەندێشە, وەهم, تەقلید..... هەموو ئەوانە وەکو یەك لەپرۆسەی داهێناندا بەشداری دەکەن, جا چ هونەری بێ, یان زانستی.

پرۆسەی داهێنان پشت بە رەچەلەك-سرشت(inborn)و بەهرە دەبەستێ, یان ئەوەی کە بە فاکتەری خودی (وراسە-بۆماوە)و ئەوەی بە دەوروپشت-ئیکۆلۆژی-ژینگە-ناوی دەبرێت. هەروەها داهێنان لەژیانی هونەرمەندو زانایاندا ئەو چرکە ساتەیە کە تەواوی تواناو هەستی تیا خەست دەبێتەوەو لە ئاستێکی دیاریکراودا سۆزەکانی داهێنەری تیا دەوروژێ, کە بۆ خۆی ناتوانێ رێکیان بخاتو دیاریان بکات, بۆیە لەو ساتەوەختەدا شتێك دەڵێ کە لەکاتی دیکەدا ناتوانێ بیڵێ. کەواتە داهێنان بە یادەوەری مێشکی وراسی (ئەوەی کە لە وراسەوە بۆی ماوەتەوە)و وەدەستخراو (ئەوەی کە خۆی لەژیانیدا بەدەستی دەهێنێ) پەیوەستە. ساتەوەختی (بینین) (چارەسەری لەپڕ) لەبری دامرکانەوەی داهێنان پشت بە ئاگایو نائاگای هونەرمەند, یان زانا دەبەستێت. لەزانستی دەروونیدا زیرەکی توانایەکە لەتوانەکان, ئارەزوو دەیجولێنێتەوە, ئارەزووش پاڵنەرە هەستیو نەستیەکانی تاك دەوروژێنێو لەگەڵ ئیرادەی یەکانگیر دەبێ, ئینجا داهێنەر بەهۆی نواندنو وەرگرتن دەتوانێ تێکەڵ بە دنیای دەرەوەی بکات, تاکو بەهۆی وێنەو خەیاڵو سۆز, یان مۆسیقا,S دنیای ناخی خۆی دابمەزرێنێ, هەر لەدێر زەمانەوە عەرەب بایەخی سرشتو بەهرەی کەشف کردووە (باقلانی) دەڵێ (هەیە لەچۆنیەتی کێشو جیاوازییەکانو پێکهاتەکانی شارەزایی هەیە, بەلاّم ناتوانێ شیعر بهۆنێتەوە) کەواتە داهێنان پرۆسەیەکی دەروونی سایکۆلۆژی بۆتۆپییە تەئکید لەوە دەکاتەوە کە زانستو هونەرو ئەدەبو شیعرو تەکنۆلۆژیا لەخەسڵەتو سیمای دیاریکراودا هاوبەشن, چونکە گەردوون لەگەڵ مرۆڤدا لە دووتوێی بۆچوونی ئێستاتیکیانەدا ناشێ پارچە پارچە بکرێت, هەروەها دەشێ مرۆڤ بەدینامیکی هێزە زانستیو هونەریەکان وەسفی بکەین کە بەردەوام لەگەڵ

بوونو داهێنانو ژیانو شیعر دا له ململانێدایه, خودی ئەو ململانێیەش پشت به دەروون دەبەستێت.

## چەمکی داهێنان

تەوەرەی پێناسەکردنی داهێنان, هێنانەدی شتێکی نوێیە, دەشێ لەبەر رۆشنایی کۆمەلاٌیەتی, یان سایکۆلۆژی دەروونی حوکمی بە سەردا بدەین, هەروەها (جیلفۆرد) لەنموونەکەی-بونیادی عەقلٚ-وای دەبینێ که داهێنان لای مرۆڤ بیرکردنەوەیەکی بەرهەمدارە, ئاستی دووەمە لە ئاستەکانی بیرکردنەوە, لەدوای ئاستی یەکەم کە بیرکردنەوەی مەعریفیە دێتە ئاراوە, بەلاٌم بیرکردنەوە, یان کردەی نرخاندن (هەلٚسەنگاندن) دەکەوێتە دوای بیرکردنەوەی بەرهەمدارەوە بەئاستی سێیەم لە ئاستەکانی بیرکردنەوە دێتە ژماردن, هەروەها بیرکردنەوەی بەرهەمدار لە دووکردەدا خۆی هەلٚدەگرێتەوە: بیرکردنەوەی بەرهەمداری نزیکگەرایی. واتە بەرهەمهێنانی زانستی دروست, یان ئەوەی کەپێشتر دیاریکراوە, یان لەسەری رێکەوتوون, هەروەها بیرکردنەوەی بەرهەمداری دوورگەرایی , ئەویش بەرهەمی زانستە جۆراوجۆرەکان دەگرێتەوە, بێ ئەوەی لەسەر ئاستی راستو هەلٚە هیچ رێکەوتنێکی پێشوو لە ئارادابێ. بێگومان داهێنان دەبێ بەقۆناغی خەملاٌندن-ژێرەوژێر-و رۆشنکردنەوەدا بڕوات, قۆناغی خەملاندن بەقۆناغی چالاکی نادیار جیادەکرێتەوە (سیرستون) ناوی بە(ساتەوەختی بەر لەبینین) دەباو بە پەرتبوونی هۆشیاریو تەرکیز نەکردن له خودی بابەت جیای دەکاتەوە, بەلاٌم قۆناغی رۆشنکردنەوە لەگەلٚ ئەوەی کە تیۆریستەکانی گشتالت بە (بینین) ناوی دەبەن یەك دەگرێتەوە. بەمجۆرە داهێنەر بەچەندان هەولٚی (درێژ) یان (کورت) دەگاتە ئەوەی لە بە(بینین) یان چارەی لەپر ناوی نراوە, (بینین) خۆی لە دووبارە رێکخستنەوەی پسپۆریدا هەلٚدەگرێتەوە, خودی ئەو بەرهەمهێنانەش لەتیۆری (کهلر) وەرگیراوە, چونکە(مەیموون)لە نێوان شتە جۆراو جۆرەکان پەیوەندی دەدۆزێتەوە (سندوق-قامیش-مۆز)ی هەلٚواسراوی بنمیچ بەیەکەوە دەلکێنێ, تا لە دووتوێی بیرکردنەوەی خۆیدا دەگاتە ئامانجی پاداشت دانەوە, ئەوەش بە کەشف کردنی (چارەسەری لەپڕ) بەندە, لەوێوە مۆزەکە, وەدەست دەهێنێ, لێرەدا برسێتی لە سەرکەوتنی پرۆسەکە دا وەك پالٚنەرێکی گرنگ خۆی دەنوێنێ.

پرۆسەی داهێنان پشت بە کۆمەلٚێك توانا دەبەستێ کە کۆمەلٚێك خەسلەٚت لێکیان جیادەکاتەوە گرینگترینیان: هەستیاری بەرامبەر گیروگرفتەکان, رەوانی, رەسەنێتی, جیدییەت, تاکێتی, نەرمی, بەمجۆرە داهێنانی زانستیو هونەری کۆمەلٚێك بەرهەمن لە مەیدانی: ئەدەب, شیعر, تەکنۆلۆژیا, رۆمان, چیرۆك, زانست, هونەر, شێوەکاری, هونەری نواندن, سینەما..... کە بەکۆمەلٚێك خەسلەٚت خۆیان جیادەکاتەوەو لەمەیدانی هونەرو زانستدا دەبنە شتێکی نوێ بۆ سەر مەعریفەی مرۆڤ.

## رێگاکانی پەرەپێدانی بیرکردنەوەی داهێنان

I-ڕێگەی بۆردومان کردنی بیری (بۆردومانکردن بەهۆی هزرەوە) (القصف الزهبی): لەساڵی (1035) ئۆزۆن دایهێناوە, پاشان زۆر بلاّوبۆتەوە, بۆردومانکردنی ئاسایی بەکۆمەڵە کەسێك پێکهاتووە کە ژمارەیان لە نێوان (12-6) کەسدایەو لە دەوری مێزێکی خڕ کۆدەبنەوە بەشێوەیەکی خۆکارانە لە ڕێگەی بیرکردنەوە لەگیروگرفتێکی دیاریکراو دەدوێن, ئەو دانیشتنە دەبێ ئەو چوار مەرجانەی خوارەوە پەیڕەو بکات:

1-دووركەوتنەوە لە هەموو جۆرە حوکم, یان ڕەخنە, یان ڕاستکردنەوەیەك.

2-هاندانی کێشەکیەتی ئازاد (بیرهاتنەوەی ئازاد-التداعی الحر الگلیق)و گواستنەوەی هەموو وەڵامەکان.

3-تەئکید کردن لەسەر بڕیاری وەڵامەکان, نەك چۆنێتیان.

4-گیرگرفتی گفتوگۆکان بەدەوری باسکردنی دیاردەیەکی دیاریکراودا دەخولێتەوە, یان بەیەك لکاندنی لایە جۆراو جۆرەکان دەگرێتەوە.

ئامانجی ئەو ڕێگەش ئەوەیە کە مرۆڤ لە فاکتەرەکانی چەپان ئازادبێ, چونکە چەپان تەگەرە بۆ چالاکی داهێنان دەخاتەوە, هەروەها لە بڕیاری ڕەخنەی ئازاد دەبێ, جا چ ئەو ڕەخنەیە, ڕەخنەی تاك بێ یان کۆ.

2-ڕێگەی ڕایکردنی پەراگەندەکان:

ئەو ڕێگەیە (جوردن) دایهێناوە بە (بۆردومانی هزری) دەچێ لەوەدا کە کۆمەڵێك کەسە لە ڕێگەی کێشەکەیەتی ئازادو سەربەستەوە, بەڵام جیاوازی نێوانیانو نێوان بۆردومانی هزری ئەوەیە کە لە مەدا تەنها سەرۆك نەبێ هیچ ئەندامێك لە ئەندامانی ئەو کۆمەڵەیە بەگیروگرفتی گفتوگۆیەکە نازانێ, ئەوەش بۆ ئەوەیە کە لە چارەسەری خێرا دووربکەونەوە, هەروەها ئەو ڕێگەیە هەوڵدەدا لە چوونە ناو هاوچەقی خودی بابەت دووربکەوێتەوە, چونکە هەندێ لە ئەندامان بڕوایان وایە کە فیکرەکان باشترین چارەیە, ئەوەش وایان لێدەکات لە بەرهەمهێنانی فیکر بوەستن. هەروەها (جوردن)ئەو میکانیزمە دەروونیانە شیدەکاتەوە کە داهێنەران بە کاریان دەهێناو لە چوار خاڵدا کورتیان دەکاتەوە:-

1-جێگیر نەبوون لە نێوان تێکەڵبوون بە تەفاسیلی گیروگرفتەکانو لێکجیابوونەوەیان.

2-لێخوردبوونەوە: پرۆسەیەکی پێویستە بۆ گەیشتن بە چارەی شیاوی گیروگرفتەکە.

3-دواخستن: هەمیشە لەپاش ئەوە دێ کە مرۆڤ هەست دەکات چارەسەرییە پێشنیاری کراوەکەی باش دەرنەچووە.

4-سەربەخۆبوون: دوای ئەوەی درك بە فیکرەکە دەکات وەك ئەوەی کە هەیە ئینجا فیکرەکە لە خودی خۆیدا بەکاردەهێنێ بەرەو ئەو ئاراستەیەی کە هەنگاوی بۆ دەهاوێژێو تیایدا گەشەی دەکات.

ئامانجی جوردن لەو ڕێگەیە بەهێزکردنی میکانیزمیەتی داهێنانی هونەرو شیعرو ئەدەبو زانستو تەکنەلۆژیایەکە بە دوو پرەنسیپی سەرەکی دەبەستێ پرەنسیپی یەکەم ئەوەیە کە شتێ ناباو بێتە باو , دووەمیان شتێ باو بێتە ناباو, پرەنسیپی

یەکەم لەسەر پرۆسەی تێگەیشتنی گیروگرفتەکە دەوەستێ, کە لە خودی خۆیدا پرۆسەیەکی شیکار ئامێزە, بەلام پریسیبی دووەم واتە درککردنی شتە باوەکان, نەك وەك ئەوەی کە چاوی ئاسایی درکی پێدەکات, بەڵکو وەك ئەوەی کە چاوی ئاسایی درکی پێ ناکات, لە پرنسیبی دووەمدا کۆمەڵێك میکانیزمی لە جۆری نواندن رۆڵی گەورە دەگێرن, لێرەدا سێ جۆر لە نواندن دەردەکەوێت:-

1-نواندنی کەسێتی, یان کەوتنی خود, واتە وێنەگرتنی هەستە خودیەکان لە هەڵوێستی ناسروشتیدا, وەك ئەوەی کە مرۆڤ خۆی لە شوێنی قوتووی تەنەکە بێتە بەرچاو یان سلنگ بابەتی گفتوگۆ کردن بێ.

2-نواندنی راستەوخۆ: لێچواندنێکی ئاساییە وەك لێکچواندنی ئامێری ئۆرگۆن بە ئامێری چاپکردن.

3-نواندنی رەمزی: بەتەواوی پشت بەزمان دەبەستێ زۆر لە شیعر داباوە, نموونەش لێکچواندنی لاو بە بەهار و پیر بە پایز, هەروەها پێویستە هانی هەموو جۆرە نواندنێك بدەین, یان توانای عەقڵ بدەین بۆ نواندن.

### شیکردنەوەی فیزۆلۆژی بۆ پرۆسەی داهێنانی هونەرو زانست

زانایان وای دەبینین کە میکانیزمەکانی (بەمیرات-بۆماوە) لە مێشکدا لێپرسراوی وەجولە خستنی پرۆسەی داهێنانی هونەرو زانستە, ئەوەش لەگەڵ کۆمەڵێك فاکتەری هەستی‌و نەستی یەکانگیر دێتەوەو یارمەتی چاپبوونی پرۆسەی داهێنان لەدەروونی داهێنەر دەدات, بەلام بەتەنها فاکتەرێکی وەك فاکتەری دەروونی ناتوانێ پرۆسەی داهێنان لێکبداتەوە.

لای داهێنەر بەرجەستەکردنی داهێنان کۆمەڵێك رێرەوی جۆراوجۆرو جیاواز لە خۆ دەگرێ, زۆر جاریش ئەو رێڕەوانە لەنێوان خۆیاندا بە یەکدادەچن, بەلام (فرۆید) پێیوایە کە داهێنان کۆمەڵێك ئارەزووی چەپێنراوی نەستە لە میانەی ململانێی من‌و نزمە مندا هەناسە دەدات, بەمجۆرە داهێنان تێرکردنی ئارەزووە نەستیەکانە لەرێگەی خەیاڵەوە, بەهۆی دامرکانەوە, لەواقیعدا جێ بە جێ دەبێ‌و سێکس رۆڵی گرینگ دەگێرێ.

دکتۆر (مصگفی سویف) لە مەسەلەی داهێناندا بەرەو (یۆنگ) لار دەبێتەوەو تەئکید لەلایەنە کۆمەلایەتیەکان دەکات, بەو مانایەش داهێنان لە هونەرو شیعر هەوڵدنی منە بۆ گەیشتن‌و لکاندنی بە ئێمە.... واتە ماوەی بونیادنانی پەیوەندییە لەنێوان داهێنەرو کۆمەڵگاکەیدا, ئەوەش لەرێگەی پەیوندی توندوو تۆڵی نێوان داهێنەرو کۆمەڵگاکەیدا دێتە ئاراوە, بەتایبەتی لەناوچەی تەعبیرکردنی زمانەوانی بەدەردەکەوێت کە بۆ خۆی بنەڕەتێکی سرشتی وەدەستخستنی چوار چێوەی شیعرییە. بەلام (بافلۆف) زانای فیزیۆلۆژی روسی وای دەبینێ کە سیستەمی هەستی (بۆ درککردنی هەستی) بەسەر سیستەمی ئاماژەی زمانەوانی (درککردنی رووت یان عەقڵی) زاڵ دەبێت, ئەم جۆرە هونەرمەندانی وەك شاعیران دەگرێتەوە, هەروەها مەڵبەندە مێشکیەکانی مۆخ کە

لێپرسراوی هەڵچوونو هەستو سۆزە بەسەر مەڵبەندی مۆخی زمانەوانی کە لێپرسراوی بیرکردنەویە زاڵ دەبێ، ئەوەش جۆری خاوەن تیۆرانی زانستی دەگرێتەوە.

بەڵام زانایانی (سۆفیت) تەئکید دەکەن کە کۆئەندامی دەمار رۆڵی هەیە لە گەیاندنی زانیارییەکانی دەرەوە بۆ مێشكو بە پێچەوانەشەوە لەرێگەی سیستەمی تۆڕ ئامێزی دەمارییەوە کە ئەویش لە رێگەی درکە پەتکەوە (الحبل الشوکی) بەهۆی درێژکۆلەی مۆخیەوە (نخاع مستگیل) بە مێشك دەگات، پەتی دڕکاوی لە خوارووی بڕبڕەکانی خالیگەوەیە، مێشك (دەهەزار ملیۆن) خانەی دەماری کە بەیەکەوە پەیوەستنو پێکهاتەیەکی سەرسورهێنەرو ئاڵۆزیان پێکهێناوە لەخۆ دەگرێت. بۆیە زانایانی (سۆفیت) تەئکید لەزەرووەرەتی بەرەو پێشبردنی رۆشنبیری کۆمەڵگا دەکەنەوە، بەم جۆرەش هەر مرۆڤێکی ئاسایی دەتوانێ ئیبداع بکات، چونکە ئەو تێگەیشتنە عەقڵ بە کاغەزێکی سپی دادەنێ کە بەهاکەی لەو نووسینەیە کە لەسەری دەنوسرێ.

پەڕگیری ژینگە خوازەکان بەرەو ئەوەمان دەبەن کە ناشێ (ئامادەیی وراسە) بۆ داهێنان ئەو سەنگەی بۆ دابنرێو تەئکید لەوە دەکەنەوە کە پەروەردەو هەروەها دامەزراوە رۆشنبیرییەکان وەك قوتابخانەو شانۆو یانەکانو.....هتد رۆڵی گرنگ دەگێڕن. هەر ئەو گۆرانکارییەی کە لە رێگەی ژینگەوە بەسەر مێشك دادێ، لەرێگەی نەوەکانەوە گۆڕانکاری وراسی دروست دەکەن، ئەو بیروڕایەی کە ئەمڕۆ باوە دەڵێن پێکهاتەی دەماری بۆ یادەوەری بەردەوام لە گۆڕانکاری کیمیاوی مێشك پێکهاتووە ئەو بیروڕایە دوو پرسیار دەوروژێنن یەکەمیان: بارگە کارەبایەکانی یادەوەری (وەبیرهێنانەوە)ی کاتی، بەرەو گۆرانکارییە کیمیاویەکانی مێشك دەچێ کە یادەوەری هەمیشەیی تیا دەپارێزێ؟

بەڵام دووەم بەسروشتی گۆرانکاریە کیمیاویەکانەوە بەندە؟ هەتا ئێستا وەڵامێکی دروست بۆ پرسیاری یەکەم لە ئارادا نییە بەڵام بۆ وەڵامی پرسیاری دووەم هەندێ گریمانە هەیە یەکێك لەوانە رای زانایان (بینت) (دایمون) (کریك) (روزونیك)ە کە بەتاقیکردنەوە لەسەر (مشك) دەیسەلمێنن ئەزموونی ژینگەی جۆراوجۆر جیاوازی لە پێکهاتەی کیمیاوی مێشکدا دروست دەکات , وەك دەرکەوتووە ئەو مشکانەی کە لە ژینگەیەکی پڕ لە پاڵپێوەنەردا دەژین تویکڵی مێشکیان ئەستورترەو قورسترە لەو مشکانەی کە لە ژینگەیەکی بێ پاڵپێوەنەردا دەژین، ئەو جیاوازییەش وا پێدەچێ لە دیاریکردنی ناوچە تۆبۆگرافیە بەرپرسەکەی داهێنان لە ناوچەی مێشکدا توندتر بکەوێتەوە، وەك چۆن لە ناودژی نێوان (مصگفی سویف)و (بافلۆف)و نیشانمان دان.

دکتۆر (نوری جعفر) هەوڵدەدات بۆ چونێکی ژینگە خوازانەی پێشکەوتوو لە رێگەی کاریگەری ژینگە بەسەر جینەکانەوە بۆ مێشکی مرۆڤ لە میانی پێشکەوتنی بایۆلۆژی بونیاد بنێ، وای دەبینێ کە مێشکی مرۆڤ ناوچەی مۆخی تایبەت بەخۆی هەیە کە تەنیا مرۆڤ دەگرێتەوە و هیچ

گیانلەبەرێکی پێشکەوتووی دیکە بەشداری تیا ناکات, هەتا دەگاتە ئەو مەیموونە باڵایەی کە لەبارەی گەشەکردنی بایۆلۆژییەوە لەمرۆڤ دەکا ئەویش ناوچەی مۆخی سییانەی پێی دەڵێن (tertiary corticol)خانەی دەمارییەکانی دەکەوێتە چینی باڵای مۆخەوە, ئەو چینە, چینێکی مۆخی مرۆیی رووتە ,وەك تەکامل‌و گەشەکردنی توێکاری‌و فەسلەجی ئەوەندە وردە کە چاو توانای بینینی نییە, لەژێرەوەشی چوار چینە مۆخی مایکرۆسکۆبی هەیە, کە هاوشێوەیان لە ئاستێکی گەشەی نزمتردا لەگیانەوەرە شیرییە باڵاکان بە تایبەتی مەیموون دەبینرێت.

ئەو ناوچەی مۆخیە سیانیەی کە ئاماژەمان بۆ کرد وەك شوێن لە مێشکدا دەبێتە دوو بەش هەستی‌و پێشگەیی (حسیەو جبهیە) بەلاّم وەك وەزیفەی فەسلەجی ناوچەی مۆخیە هەستیە سیانیەکان دەکەونە سەر سنوری لێکجیاکەرەوەی نێوان دوو پلی پشتە سەرو دوو پلی هەردوو دیوار, وەزیفەی بنەڕەتیان ئەوەیە کە بە پرۆسەی درککردنی هەستی هەڵدەستن, ئەو درککردنەی کە لە ئەنجامی مامەڵەکردنی شتە هەست پێکراوەکانەوەیە, ئەوەش لە ژیانی مرۆڤدا زۆگرینگی دەبینێ, بە بەرفراوانترین ناوچەی مۆخییە هەستیەکان دەژمێردرێت, هەروەها پێکهاتەکەی ناسکەو زوو لەناو دەچێ, ئەو ناوچە مۆخیە لەمنداڵدا لە دوای ساڵی حەوتەمی تەمەنەوە پێدەگات, هەروەها خانە هەستیەکانی ئەو ناوچەیە دەکەونە یەکەم چینی مۆخی باڵا, بەلاّم ناوچە مۆخیە سیانیەکانی پێشگە دەکەونە هەردوو پلی (بەشی) تەویلّ لە بەشی پێشەوەی سەرووی مۆخ بەرزترین وەزیفەی فیکری, یان درککردنی عەقلّی پرۆسیسە دەکەن, کە لە دەرئەنجامی مامەڵە کردن لەگەڵ شتە رووتەکانەوە دێتە بەرهەم, لەرووی نماکردنیشەوە پێکهاتەیەکی نوێیە, بەلاّم لەرووی شوێن‌و بایەخ لە هەموو ناوچە مۆخییەکانی مرۆڤ (وێرای ناوچە مۆخیە هەستیە سیانیەکان) پێشکەوتوو ترە, هەروەها خانەی هەستیە مۆخیەکانی یەکەم داگیر دەکات‌و بەبەشێکی گەورەتر لە پانتایی مۆخ کاریگەرە, منداڵ هەتا حەوتەم ساڵی تەمەن تێنەپەڕێنی لای گەشە ناکات.

لەبەر رۆشنایی ئەو بیرهێنانەوەیەوە دەتوانین بڵێین ناوچە مۆخیە هەستیە سیانەکان بنەڕەتێکی جەستەیی مادی مۆخین بۆ کارکردنی هونەری کە لەرێگەیەوە مرۆڤ بەشێوەیەکی هەستی درك بە دنیای (سروشتی‌و کۆمەلاّیەتی) دەوروبەری خۆی دەکات, پاشان تەعبیر لە بۆچوونە هەستیەکانی خۆی دەکات, هەر لەو تەعبیرکردنەشەوە تەعبیرکردنی هەستی بە(وێنەو هەڵکۆڵین‌و مۆسیقا دێتە بەرهەم, بەلاّم ناوچە مۆخیەکانی پێشگە بنەڕەتێکی جەستەیی مادی: مێشکین بۆ بیرکردنەوەی تیۆری زانستی لەبواری بیرکاریدا, ئەوە وا لە مرۆڤ دەکات کە توانای ئەوەی هەبێ بەشێوەیەکی تیۆری رووت لە رێگەی رەمزو هاوکێشەی بیرکارییەوە وەك تەعبیرکردنێکی رووت, درك بە بۆچوونە رووتەکانی خۆی بکات, ئەوەش ئەوە دەگەیەنێ کە ناوچە مۆخیە هەستیە سییانیەکان بنەڕەتێکی

مۆخین بۆ داهێنان لەبواری هونەر وێرای شیعر, هەروەها ناوچەی مۆخییە سییانیەکان پێشگە بنەڕەتیەکان مۆخین بۆ داهێنان لەبواری زانستی سروشتیو تیۆری وێرای بیرکاری.

بەمجۆرە لە نێوان بیروڕای وراسیەکانو ژینگەییەکان خاڵی تەوافق لە ئامادەیی وراسەی سرشتی زیرەکیو کاریگەری ژینگە لەنماکردنیدا دەبێ, بەڵام ئەوەی کە شیکردنەوەی فسیۆلۆژی مێشك هەنگاوی بۆ دەهاوێژێ تەئکید لەوە دەکات کە هەر تەنها خۆی بێ ئەوەی بەش بەش بێ بە هۆی کۆمەڵێك چالاکی وەك یەکەیەکی تەواو کاری خۆی دەکات کە لە دەرئەنجامدا بەرەو کارێکی دەستەواژەکانی وەك درككردنو خوازتنو کۆپی کردنو هێزی خەیاڵکردنو لایەنە بیرکاریو یادەوەریەکان دەبێتەوە, هەر بەهۆی ئەو چالاکیانەشەوە یادەوەری فریای زیرەکی تاك دەکەوێ, هەروەها لایەنە دەروونیەکانیش کاریگەری تایبەتیان بەسەر فاکتەری نابراودا هەیە لە هەندێ کەسدا بۆ ئاستی داهێنان گەشەدەکات.

## لێکۆڵینەوەی مێشکی ئانشتاین

## (بەشی دووەم)

لە دووتوێی لێکۆڵینەوەی مۆخی ئانشتاین هەندێ لەو تیۆرانە دەرکەوتوون کە دەیسەلمێنن زیرەکی پەیوەندی بە قەوارەی مێشکەوە هەیە, بەڵام زانایانی دەماری نوێ بە پارێزەوە بۆ ئەو مەسەلەیە دەڕواننو دەڵێن دەشێ ئەوە راست بێ, ئەگەر قەوارەی هەندێ ناوچەی مێشك لەبەرچاو بگرین نەك قەوارەی هەموو مێشك.

لەکاتی لێکۆڵینەوەی مۆخی زانای بەناوبانگ (ئەلبرت ئانشتاین) دەرکەوتووە کە قەوارەیەکی مامناوەندی هەبووە, کە قەوارەی مێشکی نێرینەیەو هیچ جیاوازیەکی لەگەڵ ئەو (64) مێشکەدا نەبووە کە یەکێك لەلێکۆڵەرەوەی ئەو بوارە بۆ لێکۆڵینەوەی هەلیبژاردوون, تەنها ئەوە نەبێ کە مۆخی ئانشتاین دوو خەسڵەتی ناسروشتی هەبووە, یەکێکیان ئەوە بووە کە پلی (بەشی)تایبەتی بەدیواری لای سەرەوەی پشتە سەری (ئەو مادە خۆڵەمێشییەی کە بەتەواوی دەکەوێتە پشت گوێچکەکانو چارەسەری گیروگرفتو تەسەور, یان خەیالکردنی تیا پێشدێ) نزیکەی سانتیمەترێك پانتر بووە, یان بە وشەیەکی دیکە بە نسبەت لە(15٪) لەوانەی کە پێوانەیان بۆ کراوە پانتر بووە. بەڵام جیاوازی دووەم ئەوە بووە کە بەشی پێشەوەی مێشکی ئانشتاین قەڵەشێکی رێ گوزەرکەری تاقانەی تیابووە, کە ئەو ناوچەیە وەك ناوچەیەکی تەواوو سفت نیشان دەدات, ئەوەی کە زانراوە ئەوەیە کە ئەو ناوچەیە لێپرسراوە لە بەرهەمهێنانی وردەکاریو خەیاڵکردنی مێشك, هەروەها بەشێوەیەکی سروشتی هەموو مێشکێك لەگەڵ ئەوانی دیکەدا جیاوازی هەیە, وەك ئەو جیاوازییە سەیرەی بەنسبەت مۆخی ئانشتاین هەبوو, ئەو قەڵشەی مۆخی ئانشتاین دەشێ بۆ خەسڵەتەکانی گەشەکردن بگەڕێتەوە کە لەکاتی لەدایکبوون بە دەستی هێناوە, یان دەشێ لادانێك بێ, یان گەشەکردنێکی

وراسی بێ, یان ژینگەیی کە لە هەندێ کەسدا دەبینرێ کە خاوەنی کارامەیەکی پێشکەوتوون.

لە رێگەی بەکارهێنانی وێنەکێشانی مێشکەوە کۆمەڵێك حەقیقەتی جیاکاری دیکە لە هەندێ کەسی دیاریکراو دۆزراونەتەوە, وەك گەورەیی توێکلی بیستن لەوانەی کە خاوەن چینە دەنگی تەواوو بەرزن, هەتا ئێستاش لەم بوارەدا لێکۆڵینەوە بەردەوامەو بەدوای ئەو جیاوازیانەدا دەگەڕێن کە لە پێکهاتەی مادی مێشکی نێرو مێ دا هەیە, ئەو کەشف کردنە نوێیانەی کە توێکاری مێشکی (ئانشتاین) لە رێگەی کۆمپیوتەرەوە کرد, تەنها لەهەندێ تە فاسیلی ورد نەبێ, ئەگینا هیچ جیاوازییەکان لەگەڵ تێزە ئەکادیمیەکانی پێشووی شیکردنەوەی پرۆسەی داهێنانی هونەرو زانست نەبووە.

دواین ئەو کەشف کردنانەی کەلەبارەی مێشکەوە کراون

گۆڤاری(SCIENTIFIC AMERICAN)بلاۆی کردەوە کە زانایانی کەنەدی پرسیارێکیان خستۆتە روو, ئەویش ئەوەیە: ئایا عەقڵی مرۆیی ئەو تەختە (کاغەزە) پاکەیە کە دەرئەنجامی ژیانی تاکی لەگەشەسەندن‌و خوێندن‌و پەیوەندییە کەسیەکان‌و پەروەردەی رۆشنبیری کە لە کتێبی نوێ‌و تەلەفزیۆن بەدەستی هێناوە لێدەنووسرێ؟ یان ئایا عەقڵی مرۆڤی لەواقیعدا کۆمپیوتەرێکی مەرن‌و زەبەلاح‌و بەهێزە؟ زانای کەنەدی (بنکر) بڕوای بەراستی ئەو مەسەلەیە هەیە, بەلاّم هەرزوو ئاماژە بەوە دەکات ئەوە کە مانای ئەوە نییە رەفتارە مرۆڤایەتیەکان پێشتر پرۆگرامی بۆ دانرابێ.

دەشێ زانایان شوێنگەیەکی دیاریکراو لەمێشکی بۆ غیرە, ئیرەیی, یان بەدکاری‌و داوێن پیسی بدۆزنەوە , بەلاّم ئەو رەفتارانە لە دووتوێی یەکە پێوانە فیکرییە جۆراوجۆرەکان دەردەچن, ئیتر زەحمەتیشە رەفتارە مرۆیەکان پێشبینی بکرێن, راستە هەندێ شوێنگە بۆ ئەو شتانە لە مێشکدا دۆزراونەتەوە هەروەك لێرەدا هەندێ چەمکی وەك زیرەکی کۆمەلاّیەتی‌و توانست هەن کە بە کەسانی دیاریکراو, ئەو کەسانەی پابەندی مەعریفەن بەندە, ئەو کەسانە بەشێوەیەکی رۆمانسیانە ئارەزووی مەعریفە دەکەن‌و هەست بە دادپەروەری دەکەن درکی پێ دەکەن, ئەوانەش کۆمەڵێك چەمکن کە خۆیان لە سەدان هەزار ساڵی پێشکەوتن‌و گەشەسەندن دەدەن.

وێنەگرتنی لەرینەوەی موگناتیسی(MRI)یەکێکە لە تەکنیکە نوێیەکان بۆ وێنەگرتنی چالاکیەکانی مێشك بەکاردەهێنرێ, هەروەك چۆن یەکێکە لە ئامێزە هەرە ئالۆزەکان.

لێکۆلەرەوان لە دووپات کردنەوەی پشکنینی مێشك سەرەنجیان داوەو دەبینن هەموو جارێك هەمان وەلاّمدانەوەی پێشوویان دەست ناکەوێت, کەواتە واپێدەچێ مێشك هەمیشە راست نەکەوێتەوە, بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا لەزۆربەی شوێنە زۆر بەناوبانگەکان ئەژماردنی لێکۆلەرەوان لەدنیای چالاکیەکاندا

وەك یەك دیاری كراون‌و ئەوە دەسەپێنن كە عەقڵی مرۆیی بەشێوەیەكی وردو جیاكارانە بونیاد نراوە.

لێرە بە چاوپۆشین لە ململانێی بۆچوونە ئەكادیمیەكانەوە هیچ گفتوگۆیەك لە بارەی پشكنینە ئاڵۆزەكانەوە بەرچاو ناكەوێ كە چەمكێكی جیا, یان فیكرییەكی جیاوازیان لەبارەی مێشك‌و شوێنگە تایبەتیەكانی وەك یادەوەری و زمان‌و هەڵچوون‌و سۆزو هەروەها جیاوازیەكانی نێرو مێیەوە بەرهەم هێنانی. هەروەها لێرەدا وەك زانراوە هەندێ لە زانایان گەیشتونەتە هەمان شت زانای كەنەدی (بنكر) روونی دەكاتەوە كە دوو ئاستی جیاكارو ئاشكرا لەو توێكڵەی كە دەكەوێتە پێشەوەی تەوێڵی سەر هەیە, وەزیفەیان مامەڵەكردنە لەگەڵ فیكردا جا چ شوێن, یان شتێك بێ كە بە جەستەكان دركی پێ كرابێ‌و لەسەر پوختەی خودی فیكرەوە بونیاد نرابێ, بەكورتی زانایانی دەروونی وای دەبینن كە ساویلكەییە بڕوامان بەوە هەبێ كە عەقڵی مرۆیی نوێ بەو سادەیەوە بەپێی حەزی گەشەكردن كاردەكات, هەروەها روونی دەكەنەوە كە عەقڵ ئامێرێكی بایۆلۆژییە ئەوەی لە نێوان سروشت‌و پەروەردە دایە كۆی دەكاتەوەو هەستكردنی خانەی دەماریش بەشێك لە بلیۆن چركە دەخایەنێ.

لەوەی كە پێشكەش كرا كاریگەری ژینگەو بۆماوە (وراسە) لەبەرجەستە كردنی داهێناندا بە دەردەكەوێت, هەروەها لای زۆربەی بیریاران بەباشدانانی فاكتەری ژینگە بە سەر فاكتەری بۆماوە بۆ سیاسەت دەگێرنەوە.

قوتابخانەی دەروونی سۆڤیەتی -پێشوو-كاریگەری ژینگە بەسەر بۆماوە بەباشتر دەزانن, لەوەش دوورتر چوون كاتێك كە لەپرۆسەی داهێناندا چەمكەكانیان خستە ژێر چەمكی گەشەسەندنی مادی-دیالكتیكی, تیۆری (بافلۆف) پەرچەكرداری مەرجی لەباوەش دەگرێ –كەپاشان بە چەسپاندنی كلاسیكی ناونرا پێیوایە كە رەنگدانەوەی دەرەوە بە سەر تاكدا كاریگەری سلبی‌و ئیجابی بەجێ دەهێڵێ و كاریگەرییەكانی ژینگە لە گۆڕانكاری فیكرو دیاریكردنی رێچكەی پێگەیشتنی عەقڵیدا شوێنی خۆی جێ دەهێڵێ.

لە هەمان كاتدا قوتابخانەی دەروونی ئەمریكی پشتگیری لە تیۆری فرۆید دەكاو پێیوایە كە عەقڵی (باگنی) پرۆسەی داهێنان بەرجەستە دەكات. بەمجۆرە داهێنان لەتێروانینی ئەو قوتابخانەیەدا جورێكە لە ناوێزیو وڕێنە, بەلام هەتا ئێستاش توێكاری فسیۆلۆژی ئەوە دەسەلمێنێ كە لەمێشكی داهێنەردا كۆمەڵێك گۆڕانكاری بایۆلۆژی هەیە, وەك چۆن لە توێكاری مێشكی ئانشتایندا بینرا خودی ئەو رایە لە پێشكەوتندایە زۆر لە زانایانیش ئەو فیكرەیە لە رێگەی تاقیكردنەوەكانیان لە سەر گیانلەبەران تەبەنی دەكەن.

ژینگە –دەوروبەر لە هاندانی تاكەكان رۆڵ دەگێرێ بەرەو ئەوەیان دەبات ئامادەیی وراسە لە سوودی خۆیان بەكاربەرن, هەروەها ژینگە خوازەكان پێیانوایە عەقڵ كاغەزێكی سپیەو بەهاكەی لەو نووسینەدایە كە لەسەری دەنوسرێ, بەمجۆرە بڕوای قووڵی ئەوان بە گەشەسەندنی ژینگە یارمەتی تاكەكان

دەدات کە لەبەکاربردنی چالاکی مێشکدا بگەنە رادەی ئەو پەڕی شیاو, لەسەر ئەو بنەڕەتەش شێوازی لاگیرانەی کاریگەری (ژینگە)و (وراسە) یەکێك بەسەر ئەویدیکەدا- لە زۆربەی بوارەکاندا بەرەو دەرئەنجامی نادروستمان دەکەنەوە, نە خوازە لە میتۆدەکانی پەروەردەو شێوازی دانانی کتێبی خوێندنی قوتابخانەکانو مامەڵەکردنی مامۆستا لەگەڵ قوتابیو بەباشدانانی تەمەنی عەقڵی بەسەر زەمەنی مرۆڤ و....هتد , بەمجۆرە لە بواری فێرکردندا رێکدەخەن.

1-دەبێ مامۆستا بە پێی پێوانە دەروونیەکان پێگەیشتنی عەقڵی قوتابی لە میانی هاوسەنگی نێوان کاریگەری ژینگەو وراسە لە کەسێتی قوتابیدا درك پێ بکات.

2-پێویستە بە پێی نما کردنی عەقڵی قوتابی لە دووتوێی مامەڵەکردنیان لەگەڵ ژینگەدا مادەی خوێندن دابنرێ, سەرەڕای ئەوەی کە قوتابخانەی ژینگە خوازەکان لە جیاکردنەوەی قوتابیە داهێنەرەکانو دانانیان لەپۆلی تایبەت ترسیان هەیە, لەوەی نە بادا ئەو جیاکردنەوەیە نەخۆشی دەروونی وەك خۆ پەرستیو خۆ خۆشویستنی لا بکەوێتەوە, بەڵام ئێمە پارێزگاری کردنی ئاستی داهێنەرانو جیاکاران وەك ئەرك سەیر دەکەن, تا ئاستەکانیان ئەکەوێتە ژێر کاریگەری سلبی یەوە, ئەوەش تەنها بە هۆی توێژینەوەی زانستی جیدی نەبێ کە پشت بە وەرگرتنی نموونەو لێکۆڵینەوەی دەرئەنجامەکانەوە دەبەستی چارەسەر ناکرێ, چونکە هەر پراکتیزەکردنی زانستیانەی توێژینەوەی زانستییە کە رێگە بە جێگیربوونی دەرئەنجامەکانی دەدا.

هەروەها ململانێی فیکری بە نسبەت هۆیەکانی بەرجەستەکردنی دیاردەی داهێنان هەر لە سنوری تیۆرەکاندا دەمێنێتەوە, وەك لە پێشەوە ئاماژەمان بۆ کرد, چونکە ئەگەر تیۆری فرۆید وەرگرین کە لاگیری عەقڵی (باگنی) دەکات دەبینین مادەیەکان پێیانوایە ئەوە خۆی دوورکەوتنەوەیە لە واقعی بەرجەستەکراو, بەمجۆرە دیاردەی داهێنان دەکەوێتە ژێر کۆمەڵێك فاکتەری جۆراوجۆر لە پوختەی عەقڵی (باگن)و تەرەسوباتەکانی و ئامادەیی وراسە, سەرەڕای کاریگەری ژینگە بەسەر عەقڵی داهێنەردا بۆیە لێکۆڵینەوەی دیاردەی داهێنان لای تاکەکان پێویستە لە هۆیەکانی بەرجەستەبوونیەوە وەربگیردرێ, واتە فاکتەری دەروونیو ژینگەیی زۆر هەن وەك هۆ خۆیان دەنوێنن, هەروەها ناشێ تیۆرێك لە تیۆرێکی دیکە دابڕین, چونکە دیاردەی دەروونی هەروەك دیاردەکانی دیکەی وەك سیاسیو رۆشنبیریو کۆمەلایەتیو ئابووری ناشێ لە تەنها هۆیەکدا کورتی بکەینەوە , لێکدانەوەی تەنها لایەنێکی بکەین.

### پەراوێزی وەرگێری کوردی

1-رەچەلەك-سرشت: فگری.

2-ژینگە: البیئە ئیکۆلۆژی : زاراوەی (ژینگە خواز)لە زانستی دەروونی بۆگشت ئەو کارتێکردنە فیزیاییو

کیمیاییو بایۆلۆژیو کۆمەڵایەتیانە بە کاردێت کە لەدەرەوە کار لەسەر مرۆڤ دەکەن, واتە لەگەڵ هۆشیار کەرەوەکان (المنبهات) جیاوازە, چونکە ئەوەی دووەم لەوانەیە لە ناوەوە بێ, یان لەدەرەوە, بەلاّم ژینگە کارتێکردنێکە لەدەرەوەیە.

3-گشتالت-جشگالت: قوتابخانەیەکی زانستی دەروونیە لە ئەلمانیا پەیدابووە, لە زانستی دەروونی هەستکردنەوە هەڵقولاوە , بەرای ئەو قوتابخانەیە هەستکردن بەرەو دیمەن بە(گشتی) دەبێ نەك کەرت, لە چوار چێوە گشتیدا هەست بە کەرتەکان دەکرێ , پێیوایە گشتیەت لەبەشەکانی کە لێی پێکهاتووە زیاترە, هەروەها لە فێربووندا بایەخ بە(بینین-استبصار)دەدات.

4-کێشەکیەتی ئازاد وەبیرهێنانەوەیەکی-ئازاد, التداعی الحر: رێبازێکە لە بواری شیکردنەوەی دەروونی (فرۆید-یۆنگ) بەکاریان هێناوە.

فرۆید بە بنەڕەتی شیکردنەوەی دەروونی داناوە, پێیوایە دەبێ نەخۆش هەرچی بە بیریدا گوزاردەکات بێ شاردنەوە باسی بکات.

5-بربرەکانی خالیگە: کەلەکە: فقرات الگنیه.

## سەرچاوەکان

1-ابو حگب, د.فؤاد وامال صادق /علم النفس التربوی /القاهره/گ 1967

2-الباقلانی /المجاز القران/فی کتاب النقد الادبی للدکتور داود سلوم/مگبعه الزهره/بغداد 1967م.

1بخه عبدالله/1981م.

4-جحفر . د.نوری /گبیعه الانسان فی چوو فسلجه بافلوف/بغداد/1978م.

5-الاصاله فی مجال العلم والفن,بغداد, منشورات وزاره الپقافهواعلام 1979.

6- جابر , جابر عبدالحمید /سیکۆلۆجیه التعلم /القاهره 1974م/گ2.

7- سلوم , د. داود /النقد الادبی /گ:1/البغداد/مگبعه الزهراو /1967.

8- سویف مصگفی /الاسس النفسیه للابداع الفنی فی الشعرخاصه /منشورات جماعه علم النفس التکاملی /دار المعارف بمصر/گ:2.

9-صالح, قاسم حسین/الابداع فی الفن /البغداد/دار الرشید للنشر/1981.

10- مجله سیانس لیوم 20 یولیو عام 2000 م /نقلا عن جریده القادسیه الصادره فی یوم الاپنین فی الپانی من تشرین الاول عام 2000 م/الجمهوریه العراقیه.

11-مجله علوم المستقبل /وزاره الپقافه والاعلام الجمهوریه العراقیه/1:4 ایلول 2000.

تێبینی :ئەو بابەتە لە رۆژنامەی (الصباح /ژمارە/210\213/16\20 ئاداری 2004 وەرگێراوەو دکتۆر (نجاح هادی کبە)نووسیویەتی.